**لە گۆڕستانی مەدرەسە و زانستگاوە هەتا زیندان!**

هاوکات لە گەڵ دامەزراندنی فابریکەکان لە بریتانیا، ئاڵمان، فەڕانسە و وڵاتانی تر و جێگیربوونی حکوومەتەکانی ناوەندی لە ئوروپا، مەدرەسە و زانستگا دەوری گرنگیان لە سیستمی هەرکام لەو وڵاتانە بۆ سەرهەڵدان و پەرەساندنی سەرمایەداری پەیدا کرد. بەرنامەڕێژی ناوەندی فێرکردن و بارهێنان بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی پێویست بۆ هەڵسەووڕاندنی چەرخی ماشێنی سەرمایەداری هەروەها چەرخی حکوومەتەکان و پێکهێنانی بازاڕ و کۆمەڵگای شارە گەورەکان، بوو بە ئەرکی گرنگی سیاسەت و ئابووری.
هەروەک چۆن فابریکەکان بوون بە شوێنی هەزاران هەزار کەس، مەدرەسە و زانستگاش بوون بە شوێنی هەزاران هەزار کەس و کەلاسی دەرسی ٢٥ هەتا سی کەسی و سەمیناریی چەند سەت کەسی بوونە شوێنی فێربوون. ڕوونە لەم سیستەمانەدا هەموو کەس نابنە دوکتور و موهەندیس و پسپۆڕی ئەم بوار و ئەو بوار، نەک نابن بەڵکوو سیستەمەکە بۆ ئەوە نییە کە هەر کەس ئەو پلە وپایە پەیدا بکات. سیستەم پێویستی بە هەموو کەس و هەر کەسێ هەیە، هەر بۆیە بەرنامە ڕێژی دەزگای فێرکردن و بارهێنان بۆ پەروەردەکردنی نزمترین هەتا بەرزترین پیشەکانە، تەنانەت بوونی بێکاران پێویستی سیستەمەکەیە بۆ ئەوەی چەرخی بازاڕ و بەرهەمهێنان بچەرخێ.
لە سەرجەمی ئەم سیستەمەدا تاکە کەس، ئیندیویدیۆم گرێدراوی سیستەم و بەرنامەکانی داڕێژراوە. ئەرکی تاک جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە کە لە کەلاسی یەکەمی سەرەتایی هەتا دواقۆناخی زانستگا بۆی دیاریی کراوە. تاک ئەرکی ئەوەیە خۆی لە گەڵ سیستەمەکە بگونجێنێ و بەردەوام لە کێبەرکێکاندا بەشداری بکات و ئەوانی تر بەجێ بهێڵێ، هەتا شوێنی خۆی بکاتەوە، یان بگرێتەوە.
ئەوەی کام منداڵ لەم کێبەرکێیەدا سەردەکەوێ و ژیانێکی ستاندارد پەیدا دەکات، پرسیارێکە کە هیچ منداڵ و هیچ دایک و باوک و هیچ کەسێک ناتوانێ وڵامی بداتەوە. ئەوەش کە لە درێژایی ژیان لە مەدرەسە و زانستگا و ناوەندەکانی فێربوون، منداڵ چۆن لە سیستەمەکەدا ئادابتە دەکرێ، چۆن دەگۆڕدرێ و چی بەسەر دێ و لە کۆتاییدا دەبێتە چە کەس و چ چەشنە کەسێک، ئەوەش نادیارە. ئەوەش کە کام منداڵ بە پێی هەست و ویست و داخوازی خۆی فێردەبێ و بە پێی کام ویست و داخواز، پیشە هەڵدەبژێرێ و خۆی چۆن لە پیشەکەیدا دەبینێتەوە، داستانی هەر منداڵ و هەر بنەماڵەیەکە.

نووسەری ئەم دێرانە وەک هەر کەسێکی تر ئەم ڕێگایەی بڕیوە، هەتا گەیشتۆتە زیندانی شاری کۆڵن. لەوێ ماوەی سێ مانگ ڕاهێنەری لاوانی دز، شەڕانی، خرابکار و جەنایەتکار بووم. هەموو جارێ دوو پۆلیس لە گەڵمان دەهاتن، یەک لە دوای یەک قوفڵی دەرگاکانیان دەکردەوە و دایاندەخستەوە، هەتا ئێمە و نزیک پازدە زیندانی تەمەن نێوان حەفدە بۆ بیست ویەک، لە ژوورێک کەن و دەرگامان لە سەر گاڵە دەن. ئێمە، من و خوشکم کە سوسیال پێداگۆگ بوو، دەبووینە بارمتەی زیندانیەکان.
هەموو جارێ زیندانبانەکان پێیان دەگووتین، ئاگاتان لە خۆتان بێ و هەرکە هەستتان بە مەترسی کرد، دوگمەی ناوبراو لێبدەن. بە پێی تەجرووبەی دەیان ساڵەی کار لە گەڵ هەموو چەشنە کەسێک، دەرفەتی بیرکردنەوە بە کەس نەدرا و بۆ ماوەی سی خولەک جولە و کاری هەمە چەشنەمان ئەنجام دا و پاشان کە هەموو لە حاڵەتی ئاسایی زیندان و ژیانی ڕۆژانە دەرچووین، ئێمە دووانە خۆمان پێناساند.

لە ناکاو یەک لە زیندانییەکان کە دواتر زانیم بە ڕەچەڵەک ئیتالیاییە هات و دەستی لە ملم کرد و گوتی تۆ دۆستی منی. ئەمە سەرەتای پێوەندییەکی گەرم و ئینسانی بوو. هەر کام لە منداڵەکان خۆیان ناساند. لە قسەکردن و هەڵس وکەوت و نیگایاندا هیچ شەرارەتێک نەدەبیندرا، هەموو ئارام بوون و بە نەرمی باسی خۆیان دەکرد، تەنانەت ئەو کەسەی کە لە هولەند کەسێکی کووشتبوو. شێوەی کاری ئێمە ئاوا بوو کە ئیدە و تێکستی شانۆ دەبوو لە لایەن بەشداربووانەوە بێ. دوو کەس ئامادەیی خۆیان دەربڕیی کە تا دیداریی داهاتوو شیعر و تێکست بنووسن. لە دیداری دووهەمدا هەر دوو بابەت خوێندرانەوە، شاعیر شعیرە ئەویندارانەکەی دیکلەمە کرد و نووسەر تێکستێکی شۆڕشگێڕانەی- ئانارشیستی خوێندەوە. دوای کۆتایی دەورەکە و نیشاندانی شانۆنامەکە لە هۆڵی شانۆی زیندان، یەک لە شانۆگێڕەکان بە ڕێپۆرتێری

ڕۆژنامە و ڕادیۆی گوت" هەموو کەس وەدەزانن ئێمە دوا پیسایی ئەم جیهانەین، بەڵام ئێمەش کارمان لە دەست دێ".

هەموو ئەو منداڵانە کە ژمارەیان لە زیندانی کۆڵن چەند سەت کەس بوو، لە ماڵ هەڵهاتبوون و لە مەدرەسەکان دەرکرابوون. ئەمن پێموابوو دەچمە زیندان ئەوان تووشی گۆڕان بکەم، هەرچەند ئەوان تووشی گۆڕان بوون، بەڵام ئەوەی بە تەواوی گۆڕا، نووسەری ئەم دێڕانە بوو.
بیست ساڵ لەو ڕۆژانە تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا بە شوێن ئەم پرسیارەدا گەڕاوم کە چۆن جەنایەتکار و شاعیر، نووسەر و شەڕلاتان هەرکیان لە جەستەیەکدا لە ناو یەک مێشکدا بە یەکەوە دەژیین؟ مێشکی مرۆڤ چۆن کار دەکات، فەلسەفە چۆن دەڕوانێتە ئەم دیاردەیە، فێرکردن وبارهێنان چییە و دەوری لە کەسایەتی مرۆڤدا چۆنە؟ سیستەمی فێرکردن و بارهێنان چەندە ئینسانی و نزیکە لە ویست و خواست و ڕووح و تایبەتمەندی تاکە کەسەکان؟ تاکە کەس چ دەور و چ مافێکی لە سیستەمی فێرکردن و بارهێناندا هەیە؟ بنەماڵە، دایک و باب چ دەورێک لەو سیستەمەدا دەگێڕن؟ بەرهەمی فێرکردن و بارهێنانی هەرکام لەو سیستەمانە چییە؟ ئازادی تاک چ مانایەکی لە فێربوون دا هەیە و دەوری ئازادی تاک لە فێربوونی خۆیدا، چییە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر بە شوێن خۆیاندا کێشام و کەوتمە ڕێگایەکەوە کە بەر لە هەر شت، بوو بە هۆی ئازادبوونی خۆم و دواتر دابەشکردنی ئەم ئازادییە لە گەڵ منداڵان و لاوانی ئەم وڵاتە.

مانگی نوامبری ئەمساڵ، شەش ساڵ بە سەر ئەو ئەنستیتوتەدا تێدەپەڕێ کە بۆ مەبستی فێرکردن لە سەر مێتۆد و فەلسەفەی جیاواز، دامەزراوە. حەڤدە ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژانەدا تێدەپەڕێ کە بۆ یەکەمجار ڕووم لە سیستەمی فێرکردن و بارهێنانی زاڵ وەرگێڕاو خۆم لە ناو سەدان لاو و منداڵدا دیتەوە کە فێربوون، بۆیان بۆتە پرۆسەیەکی تاکە کەسی و ئەندیویدۆئێل و چێژ لە فێربوون وەردەگرن و دەربەستی ئەوە نیین، بچنە ژێر ڕکێفی سیستەمێکەوە کە وێرانیان دەکات و ئازادیان لێوەردەگرێت و داهاتوویان بە قۆنتەرات وەردەگرێ.

فێربوون پرۆسەیەکی بێ پچڕانەوەیەوە کە لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە هەتا سەرنانەوە درێژەی هەیە، وەک هەناسە هەڵمژیین، وەک نان خواردن، وەک خەوتن و وەک هەر تایبەتمەندییەکی ژیانی مرۆڤ و بگرە هەر زیندەوەرێک کە مێشکی هەبێ.

برایم فەڕشی